زلەنسکی: ئەمریکا و سێ وڵاتی دیکەی نایانەوێت ئۆکرانیا ببێتە ئەندامی ناتۆ



فۆدمیر زلەنسکی سەرکۆکی ئۆکرانیا نیگەرانی خۆی بەرامبەر بە وڵاتانی هەنگاریا، ئەڵمانیا، سلۆڤاکیا و ئەمریکا دەربڕی و تێمەتباریکردن کە ئەو وڵاتانە دژی بەئەندامبونی ئۆکرانیان لە هاوپەیمانی باکوری ئەتڵەسی (ناتۆ)

فۆدمیر زلەنسکی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ کیر ستارمەر سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لە کیێف وتی، "ئەمریکا، هەنگاریا، سلۆڤاکیا و ئەڵمانیا ڕاستگۆ بون، ئەوانیش نەیاندەویست لە ناتۆدا ئێمە ببینن".
بەوتەی سەرکۆکی ئۆکرانیا، هەریەك لەم چوار وڵاتە "هۆکاری تایبەتی خۆیان" هەیە بۆ ئەوەی ئۆکرانیا وەك بەشێك لە ناتۆ نەبینن.
کیێف چەندینجار خواستی خۆی ڕاگەیاندوە بۆ ئەوەی لە زوترینکاتدا ببێتە ئەندامێکی تەواوی هاوپەیمانییەکە و لە مانگی (ئەیلول/9)ی 2022 ئۆکرانیا داواکارییەکی پێشکەش کرد بۆ پەیوەستبون بە ناتۆ لەسەر بنەمای "بەپەلە".

لەگەڵ 9ی (کانونی یەکەم/12)ی ساڵی ڕابردودا، ڤێدمیر زلێنسکی دانی بەوەدانا کە هەوڵ دەدات بانگهێشتنامەیەک بۆ پەیوەندیکردن بەناتۆ لەلایەن جۆو بایدن سەرکی ئەمریکا وەربگرێت، پێش دەستبەکاربونی دۆناڵد ترەمپ سەرکی هەڵبژێردراوی ئەمەریکا.